# نامەیەکی درەنگ وەخت بۆ ئەنوەر مەسیفي...



**کاتیٚ** بۆ دواجار پشتم کردە مەچکۆو دەستم لە پیاسەی ئێوارانی دەوری قەلاٚ بەردا ، نەمتوانی پڕ بەدلٚ ماڵئاوایی لە دۆستە هەرە نزیکەکانم بکەم و پێیان بڵێم : ئێواران لە مەچکۆ هەمیشە چایەکی زیاد بانگ کەن ، بەر لەوەی چاکە ساردبێتەوە من دەگەم ..!! لە ئیعلام کورسیەك بە چۆڵی جیٚ بێڵن بەر لەوەی شوشەی شەراب مەست بیٚ ، من دەڵێم : شەوتان باش ..!!

( لە مێژە وەک هەڵم لە زەوی هەڵدەستم ) پیاویٚ لە بەفر ئێواران بەدەم چڕینی ئەم گۆرانی یەوە سەرگەرمی ( بەردشکاندن ) بوو ، لە خەیاڵی ئەودا نیشتمانێك هەبوو لە نیشتیمانەکانی دی نەدەچوو ، گەلیٚ جار بەدەم ڕێوە بەفر یاوەری دەکردین و لەپڕ دەیگوت : قەت لە ماڵی ئەفسانەکاندا خەوتوی ..؟ گەر لە نێو ئایەتەکاندا ریٚ ون کەی ماڵی خۆت ئەدۆزیتەوە ..؟ !! بەر لەوەی لە روبەری خەیاڵیش بترازێین بەم وشانە ماڵئاواییت دەکرد : ( لای ئەو لوتکانەی ئێواران خۆریان لیٚ بە جیٚ دەمێنیٚ ، لای ئەو ئاوانەی هێشتا دەر نەبووینە ، بە ژنان دامپۆشن ..! )..

هاوڕێم ، درەنگ ئەو پەنجەرانە ترازان بۆ ئەوەی لێرەوە بڕوانمە قەدو قامەتی قەلاٚ .. زۆر درەنگ دیواری بەرلینی ئێمە روخا ، پێڕا نەگەیشتین پێکەوە ئێوارەیەك بە شیعر دونیا بخوێنینەوە ..!

غەریبیت دەکەم ئەربێللا ، غەریبی ئەو هاوڕێیانەی خۆیان دەدەنە شەقەی باڵ و ( جل و بەرگ ) دەکەنە بەر ئاینده ..! غەریبی تۆ **ئەنوەر** کە نەکرا جارێکی دی پێکەوە لە ژێر سێبەری بەفردا باس لە ( گورگە..! ) کانی ئەدەب و ( گورگە ) کانی سیاسەت بکەین ..!

چی بکەم ، بەر لەوەی من بگەم شەمەندەفەرەکە رۆیشت .. بەر لەوەی من گۆرانی بڵێم پیتەکان دایانە شەقەی باڵ ..! نامەکەم درەنگ دەگات و تۆ نادۆزێتەوە ، بەلاٚم با دەست بکاتە ملی ( تەما ) و لە گەلٚ ( جمکەکان ) دا غەرقی ( خۆرباران ) بێت .. ! ئەنوەر گیان ، هەمیشە وەك هەڵم لەزەوی هەڵدەستای .. کەچی وەك باران ، بەلاٚم لە ناوەختا بەسەر زەوی نیشتمانی شەقار شەقاردا باریت ، لای ئەو لوتکانەی خۆریان لیٚ بەجیٚ نەما ، لای ئەو ئاوانەی هەرگیز دەرنەبوون ، بە ژنان نا ! بەڵکو جەستەی

هەلا هەلات بە خۆڵ داپۆشرا ..! بەڵام برادەر ، لە دڵی مندا تا ئەبەد بە عەشق داپۆشراویت و هەمیشە بە نەمری دەمێنیتەوە ..

**قادر وەرتی / ئەڵمانیا**

03.10.2005

k_werty@yahoo.de

**تێبینی /**

**نوسینی ناو کەوانەکان رستەی شیعر یان ناوی قەسیدەو نوسینەکانی ( ئةنوةر مةسيفي ) شاعیری نوێخوازو رچەشکێنن ، کە لە یادەوەریمدا پارێزراون ..**